# بزوتنەوەی کۆمونیستی و گرفتەکانی یا تێکشکانی پارتایەتی چەپ

هەژێن
http://hezhean.blogspot.com

هەروەک دەزانین، سەروتار، هەمیشە هێڵی سەرەکی بابەت پێکدێنێ و دەبێتە سەرەداوێک بۆ چۆنیەتی ڕۆچوونە ناو بابەتەکەوە. بەڵام لە وتارەکەی هاوڕێ بژاردا، سەروتار هەم هەڵەیە و هەم ناپەیوەندە بە باسەکەیەوە.

سەرەتا ئەو باس لە کۆمونیزم دەکات، کە ئەم زاراوەیە بۆ خۆی مانایەکی گشتی بەدەستەوە دەدات و کاتێک کە بە دوای بزوتنەوەیەک یان ناوێکدا دێ، ئیتر گشتێتی لەدەستدەدات و بارێکی تایبەت بە خۆوە دەگرێ، واتە کاتێک کە باس لە بزوتنەوەیەک دەکەین، کە هەڵگری ئەو بیرکردنەوە بێت، ئەوا پێویستە بڵێین "بزوتنەوەی کۆمونیستی" نەک بزوتنەوەی کۆمۆنیزم"، دەکرێ بڵێین "مێژووی کۆمونیزم" بەڵام ناکرێ بڵێین "مێژووی کۆمونیستی" بەڵکو "مێژووی بزوتنەوەی کۆمونیستی" دەوترێ. ئەمە تەنیا یەکەم وتار نییە و یەکەم کەسیش نییە، وا بەهەڵە بەکاری دەبا، بەڵکو زۆرینەی چەپی کورد، ئەم هەڵەی بەسەردا تێدەپەڕێ. بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا چەمکەکان زۆرجار بەهەڵە بەکار دەبرێن و لایەنی زمانەوانی لە بەرەوپێشبردنی بیردا، هیچ گرنگیەکی پێنادرێ، کە بە بڕوای من هەم نەوەیەک لە نوسەر و خوێنەری لاو بەهەڵە ڕادەهێنرێن و هەم بیریش بۆخۆی بەرو لاوازی ملدەنێ. ئاخر زمانی لاواز، بیر بە لاوازی دەردەبڕێ و خوێنەریش زوو وەرسدەکات لە بابەتەکە، هەرچەندە گرنگیش بێت.

لە لایەکیترەوە، بەو دەربڕینەی هاوڕێ بژار، دەبێ بابەتەکە باس لە گرفتەکانی بزوتنەوەی کۆمونیستی لە ئاستی جیهانیدا بکات، کەچی بابەتەکەی وی بستێک لە نەخشەی عیراق دوور نەکەوتۆتەوە. کاتێکیش کە لە خوێندنەوەی وتارەکەی دەبیتەوە، هیچ یەک لە چاوەڕوانیەکانت لە وتارەکەی دەستەبەر ناکرێن، چونکە ئەوەی، ئەو باسی لێوەدەکات، گرفتەکانی بزوتنەوەی کۆمونیستی نین، بەڵکو گرفتی پارتایەتی چەپن.

خۆدان لە بابەتێکی وا، بێتێگەیشتنمان، لەو وانانەی کە لە ڕابوردوودا بۆمان تۆمارکراون، جارێکیتر هەوڵەکەمان بێسەرەنجام دەمێنێنەوە. هەروەها بەو میتۆدەی هاوڕێ بژار، دەرگە لەسەر باسەکە دادەخەین و هێڵێکی سوور لە چوارلای خۆمان دەکێشین و درێژە بە سورانەوە لەو بازنەدا دەدەین، کە لە ئەنتەرناسیونالی یەکەمەوە، گیرمان تێیدا خواردووە. ئاخر، ئەوە تەنیا لە عیراق و کوردستاندا نییە، کە بزوتنەوەکە، قوربانی پارت و ئەندامانی پارتیش قوربانی سەرکردایەتین، بەڵکو ئەوە گرفتێکی جیهانییە و ئەوەتا خودی هاوڕێ بژار، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 100 ساڵ تێکشکانەوەی پارت و قوربانیکردنەوەی بزوتنەوەکە، خەریکی یاریکردنەوەیە بەو ئاگرەی، کە هەر پرۆلیتاریا دەبێتەوە خۆڵەمێشی!

وی ئەگەر خوازیاری، لێکۆڵینەوەیە لەو گرفتە، ئەوا دەبێت مێژووە جیهانیەکەی بداتە بەرباس و لە ئاستی جیهانیشدا، بۆ چارەسەر بگەڕێ. وی بەشێوەیەک باسەکەی خستۆتەڕوو، وەک بڵێی کە ئەوە تەنیا لە عیراقدایە، کە پارت نەیتوانیوە ببێتە پارتی چینی کارگەر و تەنیا لە عیراقدایە کە پارت، هەمیشە ئامرازبووە بەدەستی چین و توێژەکانیترەوە بۆ دەستەمۆکردن و لەخشتەبردنی پرۆلیتاریا!

جێی خۆیەتی لەم هاوڕێیە بپرسین، دەکرێ لە ئەنتەرناسیونالی یەکەمەوە تا ئەوڕۆ، لەوسەر دونیاوە تا ئەمسەر دونیا، نمونەیەکمان لە پارت بدەیتێ، کە ئامرازی خەباتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا بووبێ و نەک شۆڕش، نەک سەرکەوتن، نەک بەرەو سۆشیالیزم ڕۆیشتن، بەڵکو پرۆلیتاریای ڕێکخستبێ ؟ ئایا وانەکان پێچەوانەی ئەم چاوەڕاونییەی ئێمە نیشان نادەن ؟ ئایا پارت هەڵچنی دیواری سکتاریزم لەنێوان ڕێزەکانی پرۆلیتاریا و کوپیکەرەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی نییە لەناو پرۆلیتاریادا، ئایا پێشرەو و پاشرەو کوپی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا نییە ؟ ئەگەر پارت ڕێکخستنی شۆڕشگێرانەی کارگەرانە، بۆچ پێش ئەوەی ڕۆشنبیرانی چەپ، ئاوەزیان پێی بشکێ، دەستیان بۆ نەبرد، ئایا بۆ لەو ساتەوەش کە چەپ پاگەندەی پارتی کارگەری دەکات تاوەکو ئێستا، کارگەران بەخۆیان هەنگاویان بۆ دروستکردنی

پارتێک نەبردووە ؟ ئایا وەڵام بەم پرسیارە لەم دوو بارە بەدەرە؛ یا ئەوەتا پڕۆلیتاریا توانای بیرکردنەوە و هەستان بە کاریکی وەهای نییە و پێویستی بە پێشڕەوی ڕۆشنبیرانی چەپ هەیە، تا ئەو کارەی بۆ ئەنجام بدەن، یا ئەوەتا پڕۆلیتاریا بەپێی ئەزمونەکانی خەباتی ڕۆژانەی، پارت بە چەکێکی دژ بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانێ و ڕیزەکانی پارچەپارچە دەکات و باشتر کۆیلە ڕایدەگرێ و پڕۆلیتاریا بەخۆی لەوە هوشیارترە کە دوای پیلانگێڕی چەپەکان بکەوێ و لە وانەکانی ڕابوردوو ئەزمونی وەرگرتووە؟!

هەڵبەتە ئەم هەنگاوەی هاوڕێ بژار جێگەی دەستخۆشییە، کە پەنجەی خستۆتە سەر چەند ڕاستییەک، هەرچەندە تا دوێنێ، بەخۆی سرپۆشکەریان بووە و بەشێک بووە لە کۆڵەکەی ڕاگرتنیان. کە بە بڕوای من بۆ ئەوەی ئەورۆکە، لە وتارەکەیدا نەکەوتایەتەوە هەمان هەڵەوە، دەبوو بەڕەخنە لەڕابودوویەک کە سەراپای فێرگە بیریەکەی وی دەگرێتەوە، دەرگەی باسەکەی ئاوەڵا بکردایە، نەک ئەوەی بکەوێتە لاواندنەوەی ئەو پارتەی، کە ئەگەر هاوڕێ بژار بەخۆی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی پارتی پاشڕەودا دەستبەرداری ئامانجەکانی نەبێ ، ئەوا ناچارە بەیانی یا پارتۆکەیەکیتر قوتکاتەوە بۆ گیانی پڕۆلیتاریا یا بەجارێکو بۆ هەمیشە ئەو بوێرییە لەخۆی نیشاندەدات و لەخۆی دەپرسێ، بۆچ لە ئەنتەرناسیونالی یەکەمەوە تاکو ئێستا هەر دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و پارت دروست دەکەن و سەرەنجامەکەی یا پارچە پارچە بوونی پارتە پاشڕەوە یا وەک پارتی بۆلشەڤیکی ڕوسیە 70 بەکوتەک لەسەر پڕۆلیتاریا خۆی ڕادەگرێ ؟!

گرفتی پرۆلیتاریا و بزوتنەوەی کۆمونیستی، نەبوونی پارت و لاوازی پارت و سەرکردایەتی تاک و کۆ نییە. گرفتی بزوتنەوەکە تەنیا دامەنگیری عیراق نییە، بەڵکو لە ئۆلگوەکەیدایە بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو، لە چۆنیەتی خۆڕێکخستنیدایە، لە ئاسۆکەیدایە، لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیەتدایە لەگەڵ دوژمنەکەی، لەوەڵام دانەوەیدایە بە پرسەکانی ڕۆژ، لە دەستبەردارنەبوونی(یزم)ەکان و لە هەڵنەسەنگاندنەوەی مێژوویانەی خەبات و شێوازەکانی خەباتیدایە بە پشتبەستن بەو ڕەخنانەی کە لە منداڵدانی شکستەکانەوە سەریانهەڵداوە، لە قوتبوونەوەی پارتدایە لە ساتەوەختە چارەنوسسازەکاندا، بۆ ڕێگرتن لێی و چەواشەکردنی بەگەمە و مامەڵە سیاسیەکان لەسەر دەسەڵات.